www.kurdistannet.org
25-5-2003 21:48

# ماركسیزم و مەسەلەی چەوسانەوە

نووسینی: تۆنی كلیف

پوختەی ماركسیزم ئەوەیە : " ڕزگاریی چینی كرێكار لە ئەستۆی چینی كرێكار خۆی دایە " لە هەمان كاتیشدا ماركس ئەوە رادەگەیەنێ كە بیروباوەری زاڵی ناو كۆمەڵگە بیروباوەری چینی دەسەڵاتدارە. یەكی لە گرنگترین شێوەكانی بەرجەستە بوونەوەی ئەم بیروباوەرە، پارچە پارچە كردنی یەكێتی چینی كرێكارانە بۆ رەگەز و نەتەوە و چینی جیاوازە.

چەوسانەوەی رەش پێستەكان لە لایەن سپی پێستەكانەوە، ژنان لە لایەن پیاوانەوە. . . هتد، ریزی چینی كرێكار لەت و پەت دەكات و سیاسەتی دابەشكردن و حوكم كردنی دەسەلاتی سەرمایەداران پتەوتر دەكات.

دەبێ ئەم چەوسانەوەیە بە چ شێوەیەك كاریگەری بخاتە سەر گوزەرانی ئەو كرێكارانەی كە سەر بە بەشە چەوساوەكەن؟ كرێكارە رەش پێستەكان لە بەریتانیادا وەك كرێكار دەچەوسێندرێنەوە، هەروەها جیاكردنەوەیان وەكو رەش پێستێكیش ئەم چەوسانەوەیە قووڵتر دەكاتەوە و كرێ ی كەمتر وەردەگرن و هەلومەرجی كاركردنەكانیشیان قورسترە. بە دەست سەرپەنای خراپ و كەموكوری یە كۆمەڵایەتیەكانی تریشەوە دەناڵێنن. هەمان شتیش بە سەر ژنانی كرێكاردا سەپاوە، كە قورسایی دوو چەوسانەوەیان لە سەرە : كە بریتی یە لە بە دەستهێنانی دەرامەت و مناڵ بە خێو كردن و كاری ناو ماڵیش. زۆربەی ئەو كارانەی ژنان دەیكەن لاوەكین و لە پەراوێزدان و بەمەش كەمترین هەلیان بۆ دەرەخسێ تا شارەزایی و زانست بە دەست بهێنن، سەرەڕای ئەمەش لە زۆر شوێندا ناچاردەكرێن دەست لە كارەكانیان هەڵگرن تاكو منداڵە ساواكانیان پەروەردە بكەن. . . ستەمكاری دژ بە ژنان چەوسانەوەكەیان قووڵتر دەكاتەوە.

بەڵام ئەم ستەمكاری یە چ كاریگەری یەكی دەبێت بە سەر ئەوانەوە كە سەر بە بەشە ستەمكارەكەن؟ گومانی تێدا نی یە كە ئەوان وا مەزەندە دەكەن كە مروڤێكی باڵاترن لەو كرێكارانەی تر كە لە خوارەوەن، بەڵام ئایا لە ڕاستی دا سوود لەوە وەردەگرن؟! كرێكارە سپی پێستەكان لە ویلایەتەكانی باشووری وولاتە یەكگرتووەكان پێیان وایە ئەم جیاكردنەوەیە لە قازانجییان دایە چونكە كرێ ی زیاتر لە ڕەش پێستەكان وەردەگرن، ماڵەكانیان باشترە و. . . هتد. بەڵام بە بەراورد كردن لە گەڵ كرێكارانی سپی پێستی باكووردا، كرێكارانی سپی پێستی باشوور كرێ یان زۆر كەمترە.

ڕەنگە كرێكارە پرۆتستانتەكانی ئێرلەندای باكوور پێیان وا بێ كە چەوسانەوەی كاسۆلیكەكان بۆ ئەمان شتێكی باش بێت، ئەگەر وانەبوایە لە گەڵ مەسەلەكەدا نەدەبوون. كەواتە كرێكارانی پرۆتستانت كاری باشترو پشووی باشتریان لەوانەی تر دەست دەكەوێت. . . بەڵام بە بەراورد لە گەڵ هاورەگەزەكانیان لە بێرمێنگهام و گلاسكۆ دەر دەكەوێت كە ئەم كرێكارانە كرێ یەكی زۆر كەمتر وەردەگرن.

هەمان شت لە بارەی پەیوەندییەكانی نێوان كرێكارانی ژن و پیاویشەوە ڕاستە. پیاو كرێ ی زیاتر وەردەگرێ . كەواتە لە ڕووكەشدا پیاوەكە سوود لەم ستەمە وەردەگرێت، بەڵام ئەمە دیمەنێكی زۆر شێواوی بابەتەكەیە. تۆ بیر لەم قسانەی خوارەوە بكەرەوە. . كرێكارێكی پیاو بەم شێوەیە بۆ برادەرەكەی دەنووسێت ( ( ئایا هەواڵە — سەرسورهێنەرە ئاساكانت دەربارەی من بیستووە؟ هاوسەرەكەم چەند قروشێك وەكو كرێ وەردەگرێت. . لە گەڵ ئەمەشدا كارەكەی لەژێر مەترسی نەماندایە، وەكو دەشزانی گوزەران چەند قورسە. . بۆ ئەوەی قوڕەكەش زیاتر خەست بكاتەوە ئێستا دووگیانە و هیچ ڕێگاچارەیەكیش نی یە بۆ لە باربردنی. . هەواڵی گرنگن ها) ) ".

ئەگەر بە هۆی شەمەندەفەرێكی شل و شێواوی پڕ لە پیسی یەوە گەشتێك ئەنجام بدەم، بێ گومان وەكو سپی پێستێك لای پەنجەرەكەوە جێگام بۆ دەكەنەوە و هەرچی ڕەش پێستەكەشە دوور لە پەنچەرەكە و لە شوێنێكی خراپتردا جێی بۆ دەست نیشان دەكرێ. بەڵام لە راستی دا خودی كێشەكە لە شەمەندەفەرەكەدایە. هەموومان دەبێ دووچاری ناڕەحەتی یەكانی هەمان شەمەندەفەر ببینەوە و هیچ مان دەسەلاتمان بە سەر ئەو شوفێرەدا ناشكێ كە هەموومان بەرەو هەڵدێر دەبات.

ستەملێكراوترین بەش لە نێو چینی كرێكاردا هەمیشە ڕەفتارە ترستاك و بەربلاوەكانی سەرمایەداری بەرجەستە دەكەنەوە. ترۆتسكی نووسیویەتی — ئەگەر كەسێك دەیەوێ پەی بە پێویستی گۆڕان بەرەو كۆمەڵگایەكی نوێ بەرێت دەبێ لە چاوی ئافرەتێكەوە بڕوانێتە شتەكان. ئەوەی دەیەوێ پەی بە سروشتی گەندەڵی و گەنیوی ی سەرمایەداری بەرێ پێویستە لە چاوی جولەكەیەكی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمەوە بڕوانێتە جیهان. ئەگەر كەسێكیش بیەوێ لە كۆمەڵگەی ئەمڕۆی بەریتانیا تێ بگات. . دەبێ لە چاوانی نیقڵ و دۆرین

لۆرانسی باوك و دایكی ستیڤن لۆرانس – ئەو گەنجە رەش پێستەوە – بڕوانین كە لە لایەن پێنج نازی یەوە كوژراو پۆلیسیش بەرگری لە بكوژەكانی كرد.

بۆ ئەوەی یەكێتی یەك لە نێوان كرێكارانی سپی پێست و رەش پێست دا بێتەدی، پێویستە كرێكارانی سپی پێست بەپیر كرێكارانی رەش پێستەوە لە میلیكش واوەتر بچن. بۆ بەدیهێنانی یەكێتی نێوان ژن و پیاو، پێویستە پیاوانی كرێكار لەو بێ دەربەستیەی كە تیایدان دەربچن و بیسەلمێنن كە ئەوان بەشێك نین لەو ستەمكاری یە. ساڵی ١٩٠٢ لینین ئەم مەسەلەیەی زۆر بە سادەیی دەر بڕیوە و دەنووسێ : كاتێ كرێكان لە پێناو كرێ ی زیاتردا ماندەگرن، بە سادەیی ئەوە دەگەیەنێت كە ئەوان سەندیكالیستن. تەنها ئەو كاتەش سۆسیالیستی ڕاستەقینەن كە مانگرتنێك بەرپا بكەن لە دژی چەوسانەوەی جولەكەكان یاخود خوێندكاران.

مانگرتنێك كە لە لایەن كرێكارانی رەش پێست و سپی پێستەوە بەرپا كرابێت دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ تەنگ پێ هەڵچنین بە ڕەگەزپەرستی. دەبێتە مانگرتنێك كە هاوپشتی پتەو بكات و لە ئەنجامی ئەوەشدا كاریگەری پتری هەبێت لە سەر مەسەلە مامناوەندیەكانیش. گۆڕانكاری ڕوحی ناو كرێكاران یەكێكە لە مەزنترین ئەنجامەكانی ئەو مانگرتنە.

بەڵام دەتوانرێ هاوپشتی لە خۆپیشاندانێكی دژ بە ڕەگەزپەرستیەوە دەستی پێ بكرێت و ببێتە دەروازەیەك بۆ هەست كردن بە یەكگرتوویی لە گەڵ كرێكارانی ڕەش پێستدا، ئەمەش كاریگەری دەبێت لە سەر داهاتوی ململانێ پیشە سازی یەكانیان. ئەو كۆبوونەوانەی لە لەندەن بۆ نیشاندانی هاوپشتی لە گەڵ خێزانی لۆرەنس دا بە شێوەیەكی زۆر فراوان بەستران كاریگەریەكی زۆریان دەبێت. نەك هەر لە سەر هەڵوێستی ملیۆنان خەڵك لە بەرامبەر پۆلیس دا بەڵكو دەبێتە هۆی بەخشینی هەلێكیش بۆ توندكردنەوەی هاوپشتی نێوان كرێكاران لە سەر چەندین مەسەلەی تر.

مانگرتنێك كە پیاوان و ژنان شان بە شانی یەك بەرپای دەكەن دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ بەزاندنی جیاوازی سێكسی. ئێمە دەبێ كۆمۆنەی پاریس مان بێتەوە یاد كاتێ ژنان ئازایانە جەنگین، تەنانەت نەبەردیان بە شێوەیەك بوو كە وای لە هەواڵنێرێكی بەریتانی كرد بەو پەری دڵنیایی یەوە ڕایبگەێنێت كە ( ئەگەر هەموو كۆمۆنارەكان ژن بوونایە سەركەوتنی كۆمۆنە مسۆگەر دەبوو) .

لە كۆبونەوەیەك دا كە ماوەیەك لەمەوبەر لە ندەن بەسترا وتم: ( با شۆڕش بەرپا ببێت. ئەو كات ئافرەتێكی گەنجی ڕەشپێست و لەزبیانی تەمەن ٢٦ ساڵە، لە لەندەن دەبێتە بەرپرسی یەكەمی شورا كرێكاری یەكان) من لە بەر ئەوە ئەم سیفەتانەم هەڵبژارد چونكە هەر یەكێك لەو سیفەتانە تەلیسمێكی سەرمایەداری یان بەتاڵ دەكردەوە: گەنجی خراپە، ڕەشپێستی خراپە، ژن خراپە، ئافرەتی لەزبیانی خراپە. . . دوا بە دوای كۆبونەوەكە ئافرەتێكی ڕەشپێستی گەنج لێم نزیك بووەوە و پێ ی وتم : ( ئەو ئافرەتەی باست كرد منم. . من ڕەشپێستم، ئافرەتم، تەمەنم ٢٦ ساڵە و لەزبیانیشم) . بەڵام من پێم وت زۆر بە داخەوە خۆشكێ شۆڕش لە ماوەی ١٠ ساڵ دەكرێت ئەو كات كاروانەكە جێت دەهێلێت! ئەو كاتە بە تەمەنتر دەبیت. بێ گومان دەبێ ئەم قسانەشم وەكو خۆی وەرنەگیرێت. بەر پرسی یەكەمی شورا كرێكاری یەكانی لەندەن دەشێت پیاوێكی ئیرلەندی ٧٠ ساڵە و باوكی ١٥ منداڵ بێت.

شۆڕشگێر دەبێت تەواو نەیاری هەموو شێوەكانی ستەمكاری بێت. شۆڕشگێرێكی سپی پێست دەبێ لە شۆڕشگێرێكی ڕەشپێت پێ داگرتربێت لە سەر بەربەرەكانیكردنی ڕاسیسزم. شۆڕشگێرێكی ڕەگەزی باڵا پێویستە لە هەموو جوولەكەیەك بە گوڕتر دژی بیرۆكەی (دژی-سامیەت) بێت. شۆڕشگێرێكی پیاو پێویستە بە تەواوی لە بەرامبەر هەر جۆرە ستەم و زۆر لێكردنێك بێ لە سەر ژنان. ئێمە دەبێ بڵندگۆی ستەم لێكراوان بین.

**دەربارەی نووسەر**

**"تۆنی كلیف" Tony Cliff ساڵی ١٩١٧، هەمان ساڵ كە شۆڕشی ئۆكتۆبەری ڕوسیای تیا بەرپابوو، لە فەلەستین لە دایك بووە. ساڵی ١٩٣٠ بووە بە سۆسیالیستێكی شۆڕشگێڕ و یەكێك بووە لە پەیڕەوكەرانی لیۆن ترۆتسكی. دوا بە دوای ئەوەی لە فەلەستین دا كاری كردووە بۆ پێكهێنانی گرووپێكی بچووكی شۆڕشگێڕ لە كۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دا هاتۆتە بەریتانیا. بە دوای خوێندنەوەیەكی چڕو تێبینی كردنی بارو دۆخی وڵاتەكانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، كە لە فەلەكی یەكێتیی سۆڤیەت دا دەخولانەوە، دەستبەرداری ترۆتسكیزمی ئەرتەدۆكس بووە.**

**"كلیف" گرووپی لێكۆڵینەوەی سۆسیالیستی دامەزراند كە بووە زەمینەیەك بۆ پێكهێنانی "سۆسیالیستی نێونەتەوەیی" لە شەستەكان دا و هەروەها "حیزبی كرێكارانی سۆسیالیست" لە حەفتاكان دا.**

خاوەنی دەیان پەرتووک و نامیلکە و سەدان وتاری جۆراو جۆرە. لەوانە پەرتووکی سەرمایەدای دەوڵەتی لە یەکیێتی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٤٧ نووسیویەتی و وەرگێردراوە بۆ ١٦ زمانی دونیا. سیٚ بەرگ دەربارەی کارو ژیانی لینین و چوار بەرگیش دەربارەی ترۆتسکی، هەروەها پەرتووکی خەباتی چینایەتی و رزگاری ژنان، ترۆتسکیزم دوای ترۆتسکی، تیوری شۆرشی بەردەوامی بەلاریێدا براو، مارکیسزم لە هەزارەی سێیەم دا. . . هتد. ماوەیەکی کەم دوای دەرچوونی پەرتووکیێک لە بارەی ژیانی خۆیەوە کە بە ناونیشانی ( ژیانیێک بۆ بردنەوە: بە سەر هاتی شۆڕشگێڕک ) لە نیسانی ٢٠٠٠ دا کۆچی دوایی کرد.

ئەم نووسراوەیە (مارکسیزم و مەسەلەی چەوسانەوە) بەشی حەوتەمی پەرتووکیێکە بە ناوی (مارکسیزم لە هەزارەی سێیەم دا) . لە لایەن "دەستەی وەرگێران و بلاوکردنەوەی ئەدەبیاتی سۆسیالیستی" کراوە بە کوردی و لە شێوەی پەرتووک لە کوردستان بلاو کراوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بەم ئیمایلەوە: azadarman@hotmail.com

www.kurdistannet.org کوردستان نێت